گەپ- مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی حەوتەم ژمارە(١٢٧) ٢٥/٨/ ٢٠١١
بەکاتی تۆنتەرەقەی چەژنی رەمەزان
www.gep-media.com Email:gepgovar@yahoo.com
سوبعەت تاسەر ئێسقان
ژمارە
127



کاریکاتێری:
پەروەر ل٢٤

## ئا بەم بەرە جەژنانە.. زرمەو فڕکان فڕکانە
## جوکلێنی تورکیا و ئێران.. ڕاجیمەو تۆپ بارانە

لە سەعدییەو جەلەولا.. کورد ڕاوەنێن بۆ ئەملا
بەغداوەک کەرەی شەربەت.. ئەلفێ ناڵێ بەقەولا

حاڵی هەرێم زۆر باشە.. گازو بەنزین بەلاشە
وەزعی مادەی سەدو چل.. هەروەک پوش و پەڵاشە




کاریکاتێر: خضير الحميري

# بەتاڵەی موقەننەع و ڕۆژنامەنووسی بەتاڵ



Mohamad qadir
محەمەد قادر

ڕۆژنامەگەری لە کوردستان بە ئەندازەیەک فراوان بووە، سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە، لە نێوان ٣ شارو چەند شارۆچکەیەکدا ٤٤٠ ڕۆژنامەو گۆڤار و نزیکەی ٦٠٠ ڕادیۆو کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی و نێوخۆیی هەن، ئەگەر کەمێ بە وردی هەڵیسەنگێنین، بەو ٤٠٦٣ ڕۆژنامەنووسەی لیستی ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بەوانەشەوە کە ٢ زەوییان وەرگرتووەو قەپاڵیان بۆ ٣ هەمیش کردۆتەوەو تەنانەت بەو ڕۆژنامەنووسە مەخفییانەشەوە کە مووچەی لێزلێنان لەسەر وەزنی چێشت لێنان وەردەگرن و بایی کەوچکێ برنج و ملاکێ ڕۆن لەم بوارە حاڵی نین و نایزانن، هەموو ٤ ڕۆژنامەنووسێک دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسیان بەردەکەوێ،

واتە لەمەولا دەزگا ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندنەکان دەتوانن قاچی لێ ڕاکێشن و شانی لێ دابدەن و بەوپەڕی سیقەوە بڵێن: ئێمە بە ٤ کەسەوە کاری سەرنووسەر و جێگرەکەی و بەڕێوەبەری نووسین و سکرتێرەکەی و بەرپرسی لاپەڕەو هەردوو پەیامنێرەکەی و بەڕێوەبەری ئیدارەو وەصڵنووسەکەی و بەرپەسی ئەرشیف و مێزو تەپڵەکەکەی و بەشی ئەرشیف و پاککەرەوەو هاککەرەوەو سایەق و چایچی و شاگردەکانیان دەکەین، بگرە بۆیان هەیە تۆزێک قەپۆزیان بەرزتر بکەن و تەصریحی ئەوەش بدەن: جگە لە کارو پیشەو ئەرکی ڕۆژنامەوانی، ڕێژەی بەتاڵە لە کوردستاندا نەک هەر ناهێڵن، بەڵکو زەربی سفریشی دەکەن! چونکە هەر دەزگایەک ئەگەر بە فشەش دەرچێ خۆ هەردەبێ ٢٠ نووسەرو مووی سەر و ٥ ڕەسمچی و ٦ هەواڵنێر و پەیامنێر و خەبەرگێڕ بە قسەی قۆڕیش بێ پڕی بکەنەوە!

بەم حیساب و کیتابەش ١٠٤٠ دەزگا x ٢٠+٥+٦= ٣١ کەس) واتە ٣٢٢٤٠ سی و دووهەزارو دووسەد و چل هەلی کار بۆ گەنج و هاووڵاتیانی هەرێمەکەمان دەستەبەر دەبێ،

بۆ زانیاریش تەنها لە هەولێر لەم ماوەیەدا داوای مۆڵەتی ٤٢ کەناڵی تەلەفیۆن و ڕادیۆی ناوخۆیی لە سەندیکا کراوە، هەرچەندە ٤٢ لە ڕەقەمی پێڵاو نزیکترە وەک لە ژمارەی کەناڵی ناوخۆیی، بەڵام ئەگەر مۆڵەتیان بدرێتێ، ٤٢ x ٣١ = ١٣٠٢ هەزارو سێسەدو دوو هەلی کاری دیکە دەڕەخسێنێ!

بۆیە هەقی خۆیەتی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دابخرێ و ترِو تفاق و نەسرییەو مەسرییە و کۆمپیوتەرەکان - کە تائێستا ڕەنگە بەس ئەتارییان پێ کرابێ- بدەنە ئەو دەزگا ڕۆژنامەنووسییانە و ئەنجومەنی وەزیرانیش دۆسێی دامەزراندن و هەلی کار پاک و تەمیز تەسلیمی ئەوان بکات باشترە، چونکە دەرکەوت ئەو ١٠٤٠ دەزگا ڕۆژنامەنووسییانە کێشەی بەتاڵە ئاسانتر چارەسەر دەکەن!

هەرچەندە بەتاڵە لە هەرێمدا لە بەتاڵەی موقەننەعەوە دەگۆڕێ بۆ ڕۆژنامەنووسی بەتاڵ! بەڵام لانی کەم خۆ ڕسقی مانگانەی ٣٣٥٤٢ هاوڵاتی دەدات، کە لەو٢٥هەزار دامەزراندنەی وەزارەتی پەروەردە ٨٥٤٢ هەلی دامەزراندن زیاتر دابین دەکەن!

ڕیکلام





ڕەوف حەسەن Rauf Hasan

# مژدەو موچەو، ڕەمەزانو، منیش ئەلوەداع !

لەبەرئەوەی حوکمەتی هەرێم، نە تەلەڤزیۆنی هەیەو نە ڕادیۆو نە غەزەتە، ئەگەر هەشیبن ئەوا من نەبینیومنو نەبیستوشمن، بۆیێ هەموتان لە تەلەڤزیۆنو ڕادیۆو جەریدەکانی حیزبەکانەوە، بەچاوی خۆتان بیستتانو بەگوێی خۆتان بینیتانو بە لوتی خۆتان خوێندتانەوە، چۆن بێژەران بەوپەڕی شادمانییێوە مژدەی خێرا خەرجکردنی موچە، واتا پێدانی موچەی فەرمانبەران بەر لە وادەی خۆیو تەشریفهێنانی جەژنی مبارەکی ڕەمەزانیان بڵاوکردەوە!

کەناڵەکانی حیزب زۆررزانانە ئەمەیان بۆ کردینە مژدەو، دەستکەوتو، لەوانەیشە بیکەنە منەت بەسەر، نەک هەر ئێمەمانانەوە، بەڵکو بەسەر ڕەمەزانی کەریمو هەمو حیزبە ئیسلامییێکانیشەوە، لەوانەیە بەو بۆنەیەشەوە ئیسلامییێکان، -کە هەر دوێنێ بو فەتوای جیهادیان دژیان دا- ئەمڕۆ دەستی دوعایان بۆ بەرزبکەنەوەو، داوا لە یێزدان بکەن دەست بەباڵیانەوە بگرێ، ئێستە لای ئێمە ئەم دوڕوییە لەسیاسەتدا بەجۆرێک لە تەکتیکو بلیمەتی دادەنرێ!

من هەقم بەسەر ئەمەیانەوە نییەو، تەنیا ئەو مژدەو دەسکەوتو منەتکردنەی زوو سەرفکردنی موچەم بەلاوە مەبەستە، ڕەمەزان کەریم، بەهۆی شاڵاوی زگەڕۆو چڵپەو لێسەو، نەوسنیو چڵێسیو سکدڕاوی خەڵکییێوە، گرانی لەتەک خۆیدا هێناو، موچەی مانگی شەبعانی لە هەفتەییێکدا لوشدا، موچەی ڕەمەزانی بەرلە وادە سەرفکردنی ئێستەیش ئەگەر بە لەقەلەق بمانگەیەنێتە جەژنیش ، ئەوا بێگومان جەژن لەبنی هەمانەکەش دەداو، ئەی دوای جێژن؟! سی، چل ڕۆژی تازێی بێ موچە قوڕی کوێ بگرینەوەو بەسەرمانای کەین؟

ئایا ئەمە مژدەو دەستکەوتو خاترانەیە، یان منداڵ هەڵخەڵەتاندنە؟ مژدە ئەوەیە موچەییێک، یان هیچ نەبێ نیو موچە –وەک ئەوەی زەمانی عەبدولکەریم قاسم- یان سەرو گەڵا، بکرێتە جەژنانە، تا هیچ نەبێ قەرەبوی ئەو زیانانەی لە ڕەمەزاندا لێمان کەوت، بکاتەوە، مەپرسە کام زیان؟ هەر تەنیا بازاڕ گرانییێکە نا، بەڵکو –هەر بۆ نمونە- کەسێکی وەک من کەلە ژیانیدا نە بەرۆژوبووەو نە پارشێوی کردووە، بەهۆی ئەوەی وتارێکم بەموناسەبەتی ڕەمەزانو، بەناوی (کافرستانییە، کافرستانی)یەوە بۆ ئەم گۆشەیە نوسی، تێیدا باسی ئەوەم کردبو لەبەر ئەوەی خۆم بە شارستانی دەزانم لەنێو ماڵو منداڵداو ئەو شوێنانەی بنمیچیان هەیە جگەرە ناکێشمو، لە دەرەوەش، بەهۆی ڕەمەزان کەریمەوە، نەک عەبدولکەریمەوە، ئەگەر پۆلیسو حوکمەتیش قسەنەکەن، ئەوا هەر ڕۆژووەوانێ مافی ئەوەی دراوەتێ جگەرەکە بەنێو چەوانتدا بچزێنێو تێلاتڕێنیشت بکا، هەر هەموشیان ئافەرینی ئەوو نەفرەت لەمن بکەن، وەک چۆن مەلا (سمە سوسەی)، لەم ڕەمەزانەدا بووە تەڕەزانو، هەرچی پەرلەمانتاری تێرو، دابەستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەن، هەمویانی تەختکردو، ژنانیش لەبەرئەوەی ماسۆشینو، تەمەتوع بە تێهەڵدانەوە دەکەن، دەستو دەمخۆشانەی لێدەکەن!

بەرپرسی ئەم گۆڤارەش لەتاو وەعزەکە، پەلە ئیمەیلێکی بە سەرو زمانێکی شیرینەوە بۆناردم، گوایێ بابەتەکەم بڤەیەو، بڵاوناکرێتەوە، بۆ نەگبەتیش، وەک موچەو مژدە خۆشەکەی حوکمەت، ئەویش دوو هەفتە بەرلە بڵاونەکردنەوەی وتارەکەم هەقدەستەکەمی بۆ سەرفکردبوم، واتا قەرزداربومو، واتا بۆم هەبو بەوپەڕی شانازییێوە بچمە چایخانەی (قەرداران) لە هەولێرو دو دیژلەمەش هەڵقوڕێنم، وەلێ، ئەم موچەو پارە پێشەکی سەرفکرنەی مانگی ڕەمەزان کەریم، کە وردەوردە سەرەوخوارو کۆتایی بۆتەوەو، سەردەمی ئەلوەداعێتی، منیش کە سێچوار ساڵە بەم قسە قۆڕانەم مانگانە چوار عانەم پەیدا دەکرد، بەناچاری ئەم مژدەیەم نوسی، تا لەبری (کافرستانییە)کە بڵاویبکەنەوەو، بە قەرداری (ئەلوەداعی ئەخیر) لە خوێنەرانی گۆشەکەم (چاوشارکێ) و، کارمەندە خۆشەویستەکانی گۆڤاری (گەپ) بۆ هەتا هەتایە نەکەم!



rauf1945@yahoo.co.uk
Tel: 0770 153 63 97

GEP
Karikatur Magazeen
No:127 25th August 2011
www.gep-media.com
Executive Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

# باقی وەسەلام



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

## بەرە جەژنانە ....

ئەم بەرەیە هەمان ئەو بەرەیەیە کە خەڵکو لایەنی سیاسی و ئیجتماعی کۆ دەکاتەوە، بۆ مەبەستێکی دیاری کراو، بەڵام بەرەی جەژن تەنها بۆ ئاشتبوونەوەو تێکەڵ بوونەوەیە .. بەڵام :

- لەبەری بەرەکەیدا ئەوەی هەرزانی بێت لە بازاڕ مەحفی ئەکەنەوەو چادرێکی سێ بە چواری دەدەن بەسەردا، تا هەڵوەشاندنەوەی بەرەکە ..
- نیوەی دائیرەکان مەعامەلاتی خەڵکی ڕادەگرن و پێیان دەڵێن: دوای جەژن وەرنەوە ...
- پەرلەمان و حکومەت وڵات سەرەوژێر بێت یەک دانیشتنی بۆ ناکەن !.
- ئیزاعەو تەلەفزیۆنەکان خۆیان بۆ بەرنامەی زۆرخۆش تیژ ئەکەنەوەو دوای جەژنیش وەک خۆیان لێ دێتەوە ..
- سیعری بیبسی و شیرینی دەچێتە سەر بۆرسەی نەوت و وڵاتانی ئۆپکیش زەوقیان نامێنێ ..
- ئەوەندە بە حەماسەوە خەڵکی گوڕ بۆ جلوبەرگ ئەخۆنەوە ئەڵێی هیچیان لەبەرانییە و ڕووت و قووتن !.
- پرۆڤەی تەوقە کردن و ماچوموچ دەست پێ ئەکات و دوای ڕێورەسمی جەژن نیوەیان لێی پەشیمان ئەبنەوە.
- به ئیمان و بێ ئیمان بە گران دەکڕن و بە گران دەفرۆشنەوە و هەتا جەژن کەس خاتری کەس ناگرێ ..
- ئاوو کارەبا کەرەم ئەکەن و ئەو سێ ڕۆژە فوولی ئەکەن. دواییش خوا کەریمە !.
- ئەوانەی عاجزبوون لەیەک خواخوایانە یەکێک ئاشتیان بکاتەوە، دوای جەژنیش ئەڵێن: لەبەر خاتری فڵانە کەس ئاشتبووینەوە !..
- ئەم بەرەی جەژنە هەموو قوەتەکەی خۆی ڕۆژی عارفە کۆ دەکاتەوەو ئاگر لە بازار بەرئەدا و گیرفان قڕ ئەکا و ویژدان ون ئەکا ...!!




بێ توانج

کاریکاتێر

سالم سەلیم